**بۆکان لە مێژوودا (٣٥٠)** **ئەنوەر سوڵتانی**

## کتێبی "کۆمەڵەی ژ. ک تا کۆمار"




کاوە قادری، *"کۆمەڵەی ژ. ک. تا کۆمار (بیرەوەرییەکانی محەممەدئەمین قادری کولیج)، باس نەکراوەکانی کۆماری کوردستان- مەهاباد، نهێنییەکانی دروستبوونی ژ. ک."*، بڵاوکەرەوە: نووسەر، هەولێر ٢٠٠٨، ژمارەی لاپەڕە: ٩١ + ٩ لاپەڕە وێنە

ئەم کتێبە دەبێ لە ناوخۆی وڵاتدا بە دڕدۆنگییەوە وەرگیرابێت. هۆکاری مەسەلەکەش ئەوەیە بە پێچەوانەی هەموو ئەو سەرچاوانەی وا سەبارەت بە کۆمەڵەی ژێکاف و دامەزرێنەرانی لەبەر دەستدان، نووسەر - کاک کاوە قادری، بە گوێرەی بیرەوەریی باوکی خۆی- کاک محەممەد ئەمین قادری کوڕی کاک مامەند قادری کولیج، کاک مامەندی سەرەک هۆزی مامەشان لە ناوچەی لاجان بە دامەزرێنەری ژێکاف دەناسێنێت.

باس کردنی کتێبەکە لە لایەن منەوە واتای پەسندکردنی ئەو هەواڵەی نییە و لام وایە دیعایەیەکی گەورەی ئەوتۆ، پێویستی بە بەڵگە و شاهید و سەلماندنی گەلێک زیاتر هەیە لە کاتێکدا ئێمە ئەو هەواڵە تەنیا بە قەڵەمی کاک کاوە دەخوێنینەوە کە ئەویش دەڵی کاک محەممەد ئەمینی قادریی باوکی بۆی

گێڕاوەتەوە و گوتوویەتی کە باوکی خۆی- واتە کاک مامەندی قادری دامەزرێنەری کۆڕ و کۆمەڵەیەک بووە وا دواتر بە ناوی ژێکافەوە ناسراوە.

بەشی نووسراوی کتێبەکە (جیا لە وێنەکان)، سەرجەم ٩١ لاپەڕەیە و لەوانەش تەنیا ٢٠ لاپەڕەی نێوان ١٣ و ٣٢ لە پەیوەندی مەسەلەکەدان . پاشماوەی کتێبەکە هەندێک بابەتی سەبارەت بە کۆماری کوردستان تێدا ڕاگەیێنراوە کە لە دەیان سەرچاوەدا خوێندوومانەتەوە و نووسەر بە بێ ڕاگەیاندنی سەرچاوە دووپاتی کردوونەتەوە.

بەو سەرەتایەوە، من نامەوێت نرخی کاری کاک کاوە بهێنمە خوارەوە یا بە بێ بەڵگە، بەرپەرچی قسەکانی بدەمەوە. بە پێچەوانە، بۆچوونی نوێی وەک هەواڵەکەی ئەو، بۆ کاری توێژینەوە گەلێکیش بەکەڵکە و واهەیە یارمەتی پڕکردنەوەی زۆر شوێنی بەتاڵی زنجیرەی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە بدات. بەڵام بۆ جێگیر بوونی بۆچوونەکە و وەرگیرانی لەلایەن خەڵکانی شارەزاوە، پێویست بە هەندێک بەڵگە وکەرەسە دەکات کە بەداخەوە کتێبەکە هیچکام لەوانەی تێدا بەدی ناکرێت و لە دیعایەیەکی بێ خەوش زیاتر نانوێنێت.

من ئەوە هیچ بە دوور نازانم کە لەو سەردەمەدا هەوڵی دامەزرانی ڕێکخراوەیەک درابێت و ناوی کۆمەڵەشی لەسەر دانرابێت، تەنانەت زووتر لەو سەردەمە- کە ساڵانی دوای هەرەسی حکوومەتی ڕەزاشا و سەرەتاکانی شەڕی دووهەمی جیهانییە، لە ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانیشدا، عوسمانییەکان ڕێکخراوەیەکی سیاسییان لە ناوچەکەدا دروست کردبوو کە ناوی "اتحاد مسلمین" بوو و نەمر حاجی بابەشێخی سەیادەت سەرۆکایەتی دەکرد. واتە بیرۆکەی حزبی سیاسی لەناوچەکەدا زۆر نامۆ نەبوو و دەکرێت کەسێکی ناوبەدەرەوە وەک کاک مامەندیش بەو تایبەتمەندییانەوە کە کاک کاوە ڕایدەگەیێنێت، هەوڵی دامەزراندنی حزب یا ڕێکخراوەیەکی سیاسی دابێت.  بەڵام ئەوەی کە ڕێکخراوەکەی کاک مامەند هەمان کۆمەڵەی ژێکافی ناسیاو بووبێت، ئەوە جێگەی پرسیاری زۆر جیددییە. دیارە من ئاگاداری ئەوەش هەم کە کاک مامەند کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر و دۆستی نزیکی بارزانی نەمر بووە و هەر بە گشتی بنەماڵەی قادری و یەک لەوان نەمر کاپیتان قادری لە خزمەت نیشتمان و نەتەوەکەماندا بوون.

بەڵام ڕاستەقینە ئەوەیە کۆمەڵەی ژێکاف و خواست و ئامانجەکانی هی توێژە ناونجییەکانی کۆمەڵگایەکی شارین، ئەویش شارێکی کەم و زۆر گەورەی وەک مەهاباد بە پێشینەی خەبات و کاری سیاسی و قاڵ بوو لە کوورەی شەڕ و کێشە و تێکگیرانی سیاسەتەکانی ڕووس و عوسمانی و ئینگلیز و ئێران و عیراق دا، نەک هی گوندێکی بچووکی تەریکی ناوچەیەکی دوورەدەستی لاجان. ئێمە دەبینین لە سەرەتای کاردا هەموو دامەزرێنەران و تەنانەت ئەندامەکانی ژێکاف لە باری چینایەتییەوە سەر بە توێژی ناونجی واتە ووردە بورژوازیی شارن، گەرچی دواتر هەندێک کەسایەتی سەر بە چینی فیئۆداڵیشیان تێکەڵ دەبن. ئەوە بۆمن گەلێک ئەستەم دەنوێنێت کە خواستە سەرەکی و سەرەتاییەکانی حزبێکی ئەوتۆ لەگەڵ کۆمەڵگایەکی عەشیرەتی و ئاوات و ئامانجەکانی سەرۆک عەشیرەتەکاندا یەک بگرێتەوە. من دژ بەوە ناوەستم کە کاک مامەند کورد پەروەر بووبێت یا ویستبێتی کۆمەڵە یا ڕێکخراوەیەک بۆخزمەتی ئەو بیرۆکەیەی خۆی دابمەزرێنێت، تەنانەت ئەوەش بە دوور نازانم کە ڕێکخراوەکە هاوکات لەگەڵ دامەزرانی ژێکاف و تەنانەت پێش ئەویش بووبێت؛ بەڵام بەو زانیارییە کەمەوە کە سەبارەت بە مێژووی ئەو ساڵانە هەمە ناتوانم قەبووڵی بکەم کە ئەوە هەمان کۆمەڵەی

ژێکافی زەبیحی و حوسەینی زێرینگەران و ئەوانیتر بووە. ڕێکخراوەیەکی ئەوتۆ ئەگەر دامەزرابێت، دەبێ بە هاوکاری لەگەڵ سەرەک عەشیرەکانی دیکەی ناوچە دامەزرابێت نەک بە یارمەتی چەند لاو وگەنجی خوێندەواری شاری مەهاباد.

نووسەر خۆیشی بەو ڕاستییە دەزانێت و دەیسەلمێنێت و لە زمان باوکی خۆی واتە کاک حەمەدەمین قادرییەوە دەنووسێت:

*"... سەرۆکانی عەشایری ناوچە، کە لەگەڵ کاک مامەندئاغا زۆر لە هاتوچۆدابوون، دوای هاوفیکری لەگەڵ یەک، بە پێویستیان زانی ڕێکخراوەیەک دابمەزرێنن بە ئامانجی هێنانەدی ئەمنییەت و ئاسایشی سەقامگیر لە ناوچەکە لە ژێر چاوەدێریی ڕێکخراو... باوکیشم دوای هاوفیکری لەگەڵ من [حەمەدەمین ئاغا]، لە [گوندی] 'کولیج ڕێکخراوەیەکی عەشایری بە ناوی "کۆمەڵە" دامەزراند."* (لل.١٣ و ١٤)[11]

خوێنەر تا ئێرە دەتوانێت لەگەڵ نووسەردا بێت. "دامەزراندنی ڕێکخراوەیەک بە یارمەتی چەند سەرەک عەشیرە بۆ هێنانەدی ئەمنییەت و ئاسایشی ناوچە" شتێکی زۆر سەمەرە نییە و گونجاوە. تەنانەت دانانی ناوی "کۆمەڵە" ش لەسەر ڕێکخراوەکە نائاسایی نییە. ئەو وشە کوردییە بۆ کۆڕ و کۆمەڵ و کۆبوونەوە کەڵکی لێ وەرگیراوە و پێش دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکافیش لەسەر زمانی خەڵک بووە. بەڵام با گوێ بدەینە پاشماوەی باسەکە لە زمان حەمەدەمین ئاغاوە:

*"کۆمەڵەی ژێکاف لە سەرەتادا ناوی کۆمەڵە بوو، دواتر لەگەڵ فراوانبوونی چالاکییەکانی، کرا بە کۆمەڵەی ژێکاف. باوکم کاک مامەند ئاغا هێندێک فیکری لە مێشکدا بوو، لە فیکری ئەوە دابوو کەم کەم بتوانێ لە ڕێگەی ڕێکخراوە عەشایرییەکەوە ڕێکخراوەیەکی سیاسی پێک بێنێ بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان...."* (ل. ١٤)[12]

بە بۆچوونی من، ئەم خاڵە، گرێ کوێرەی مەسەلەکەیە. نووسەر دوور نییە هاوشێوەبوونی ناوی ئەو دوو ڕێکخراوەیە تووشی سەرلێشێوانی کردبێت و بە گوێرەی ناوەکان، وای دانابێت کە ئەو دوو ڕێکخراوەیە هەر یەک بوون و دووهەمیان واتە کۆمەڵەی ژێکاف، درێژەی ڕێکخراوەی یەکەم واتە کۆمەڵەی مامەندئاغا بوو بێت، هەمووش بە حیسابی هاوشێوەبوونی ناوەکان. هەر بۆیەش لە درێژەدا دەڵێ:

*"...خەڵکانێکی زۆر ڕوویان تێکرد [لە کۆمەڵەی مامەندئاغا] و بوونە ئەندام.... باوکم دۆستانی زۆری هەبوو و کەسایەتی سیاسی و شۆڕشگێڕی دەناسی بە تایبەت لەمەهاباد کە لەگەڵ یەک لەهاتوچۆدا بوون، ئەوانیشی لە بوونی ئەم ڕێکخراوەیە و چالاکییەکانی ئاگادار کرد....."* (ل. ١٥)

پاشان باسی *"چەند کەسێک"* دەکات کە لە مەهابادەوە چوونەتە کولیج بۆ دیتنی مامەندئاغا و *"دوای کۆبوونەوەیەکی فراوان بڕیاریان دا نووسینگەیەک لە مەهاباد بکەنەوە و بە دەستی ئەوان کە دۆست و ئاشنایان لە بۆکان هەبوو، نووسینگەیەکیش لە بۆکان بکەنەوە و ڕێکخراوەکە بچێتە قۆناغێکی نوێ و ببێت بە ڕێکخراوەیەکی گەورەتر کە پاشان بوو بە حیزبێکی سیاسی."* (لل. ١٥ و ١٦)

---

[11] هێڵی ژێر ڕستەکان من کێشاومن.
[12] لێرەش هەروەها

نووسەر، کاتێ ناوی ئەو چەندکەسە کە دەهێنێت، دەبینین دەقاودەق هەمان ئەو کەسانەن کە لە سەرچاوەکاندا بە ناوی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژێکافەوە ناسراون: خەلیل خوسرەوی، سەید موحەممەد تەهازادە، سدیقی حەیدەری و.....[سەرجەم ١١ کەس] و دەڵێ *"ئەوان نووسینگەیەکیان لە مەهاباد کردەوە و نووسینگەیەکیش لە بۆکان..."* (ل.١٦)

دیارە، نە نووسەر بەڵگەیەکی بۆ سەلماندنی مەسەلەکە هەیە و نە من بەڵگەیەکم بۆ بەرپەرچ دانەوەی. بەڵام دووری نازانم پێش دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاف لە مەهاباد، کاک مامەند و کوڕەکەی واتە حەمەدەمین ئاغای قادری (ل. ١٨) ڕێکخراوەیەکیان بە ناوی "کۆمەڵە" لە کولیج دروست کردبێت. بەڵام نە پێگەی چینایەتی و نە ئامانجەکان و نە ئەندامانی ئەو دوو ڕێکخراوەیە ناتوانن یەک بن و بەو بۆنەیەوە من دەگەمە ئاکامی ئەوەی کە تاقە شتی هاوبەش لە نێوان دوو ڕێکخراوەکەدا ناوەکەیان واتە "کۆمەڵە" بێت و ئەوەش نامگەیێنێتە بڕیاری نووسەر کە کۆمەڵەی ژێکاف درێژەی کۆمەڵەی کاک مامەند و کاک حەمەدەمین قادری بێت.

سەبارەت بە بۆکان لە کتێبەکەدا تەنیا دوو ئاماژە هەیە کە لە سەرەوەدا دەستنیشانم کرد.

لە کۆتاییدا، سپاسی زۆری ئەو برادەرە خۆشەویستەم دەکەم کە نوسخەی ئەم کتێبە و چەند کتێبی دیکەی بە ئەمانەت پێدام. زۆرێک لە کتێبەکانی ئەو لە بەشەکانی پێشووی ئەم زنجیرە وتارەدا کەوتوونەتە بەر باس.